سەید حەکیم: کرانەوەی عێراق بەسەر دەوروبەری و جیهان بەرژەوەندییەکانی پتەوتر دەکات



بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت پێشوازی لە بەڕێز بافل تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرد و لەم دیدارە باسیان لە پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکە کرا و سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن گرنگە بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان.

سەماحەتی داوای کرد بۆ یەکڕیزی و بە نەفەسێکی نیشتمانی و یەکگری ڕووبەڕووی ڕکابەرییەکان ببنەوە و جەختی کردەوە لەسەر پاراستنی دەستکەوتە ئەمنییەکان و کۆمەڵایەتییەکان و قۆستنەوەی ڕکابەرییەکان بەگۆڕینییان بۆ هەلی سەرکەوتن و چیرۆکی سەرکەوتن، هەروەها ڕکابەری ئابووری لە پێشینەی ڕکابەرییەکان دانا لەبەر ئەو ڕووداوانەی لە ناوچەکە ڕوودەدات و کاریگەری لەسەر عێراق.

سەید حەکیم جەختی کردەوە لەسەر دەستگرتن بە بنەمای عێراق بۆ کرانەوە بەسەر دەوروبەری و بەسەر جیهان و داوای کرد ململانەی ناوچەکە بەکۆتا بێت و سەقامگیری بگەڕێتەوە، دووپاتیشی کردەوە کە پاڵپشتی هەوڵەکانی حکومەتی عیراقی دەکات بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و جگە لەوەش پاڵپشتی ڕێڕەوی چاکسازی و گەشەپێدان دەکات.